


# بەیاننامەی کرێکاری سۆسیالیست دوا بەدوای بۆمباکانی لەندەن

ئێمە بیرو هۆشمان لە لای ئەو کەسانەیە کە کوژراون یان بریندار بوون لە هێرشە تۆقێنەرەکەی ئەم بەیانی یە لە لەندەن.

لەندەن سەنتەری ئاشتی یە، شارێکی زۆر فرەکەلتووری یە لە ئەوروپا هەروەها سەنتەری ئۆپۆزسیونی جیهانی یە لە دژی جەنگ و داگیرکاری لە عێراق و ئەفگانستان. زۆربەی زۆری ئەوانەی کوژران یان بریندار بوون بەرهەڵستکاری جەنگ بوون لە عێراق دا: بەشێکیان بەشداربوون لە خۆپیشاندانە مەزنەکان لە پێناوی ئاشتی دا.

ئەم بۆمبانە دوا بە دوای گەورەترین خۆپیشاندان لە سکۆتلەند رووی دا، کە لە دژی هەژاری لە جیهاندا بەرپابوو. لەم خۆپیشاندانە مەزنەدا پەیامی بزووتنەوەی دژی جەنگ لە هەموو شوێنێک دەبینرا.

ئەم بۆمبانە ئامانجی پێکانی خەڵکی ئاسایی بوو. کە گەشتی یان دەکرد بە پاس و شەمەندەفەری ژێر زەوی بۆ شوێنی کارو خوێندن. ئەو خەڵکانە بوون کە بەرەنگاری تۆنی بلیرە بوون کە پالپشتی جۆرج بوش و داگیرکاری دەکرد لە عێراق دا. ئەم تەقینەوانە ناتوانی کاریگەری توند دابنێت لە دژی ئیمپریالیزم و یان سەرکردەکانی G8، ئەوان بەختەوەرن و لە ناو هۆتێل لە نازو نیعمەت دا ژیانیان بە سەر دەبردکە 450 کیلۆمەتر لە لەندەن دووربوون.

دەوڵەتی بەریتانیا ناتوانێ خۆی دووربخاتەوە، چونکە ئەوان لێپرسراون لە بەرامبەر ئەم هێرشە تۆقێنەرانەیەدا. ئەمانە ئاکامی پشتیوانی کردنی جەنگ و داگیرکارین لە عێراق و ئەفگانستان. باشترین رێگە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم هێرشە تۆقێنەرانە، کێشانەوەی دەست بەجێی سوپای بەریتانیایە بەزووترین کات لە عێراقدا.

بۆ نیشاندانی رێزگرتن لە گیان لە دەست دانی ئەو کەسانە، ئێمە رۆژی کردنەوەی مارکسیزمی 2005 مان هەلوەشاندەوە. ئێمە بانگەوازی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی دژی جەنگ و چەپی جیهان  دەکەین پشتیوانی لە خەڵکی لەندەن بکەن لە بەرامبەر ئەم هێرشە تۆقێنەرانەیەدا. چەند بەرابەر کار بکەن لە پێناوی ئاشتی جیهانی و دادپەروەری.

**کریس بەمبری: سەرنووسەری کرێکاری سۆسیالیست**
**www.socialistworker.co.uk**
**مارتین سمیس: رێکخەری نیشتمانی حیزبی کرێکارانی سۆسیالسیت**
**www.swp.org.uk**
**سێ شەمە 7 ی جولای 2005**

وەرگێران و بلاّوکردنەوەی لە لایەن "سەنتەری رۆشنگەری مارکسیستی"